

# ئێکسسواری زیوو لەگەڵ جلی کوردی

لەم چەند ساڵەی رابردودا، لەلایەن خانمانەوە گرنگیی زیاتر بە کراسی کوردی دەدرێت و لەگەڵ هاتنی هەر وەرزێکەوە مۆدەیەکی تازە یا ستایلێکی جوانی لێوە دەنەخشێنن، ئەمەش وادەکات بیرۆکەی خانمان لەسەر پێشخستنی کراسی کوردی بەرەو ئایندەی جوانترو کاری تازەتر بچێت، چەندین لایەن لە ئامادەکردنی جلی کوردیدا هەن لەوانە:جۆری قوماشەکە، شێوازی ستایلی سەرەتایی بۆ دورینی جلەکە یان کراسە کوردییەکە، شێوازی دورین، رازاندنەوەی جلەکە بە ئێکسسوار و پوولەکە و جلی دیکەی نا سەرەکی، وەك ئێکسسوار و ئیلەگ و ژێر کراس و کڵاو.

هەر یەکە لەو لایەنانە گرنگییەکی ئەوتۆی لەسەر جوانی کراسەکە هەیە، خانمانی کورد لە پێشوودا سوودیان لە ئێکسسواری زیوو دەبینی، کە کەرەستەیەکی بەسوودو جوان و نەخشینە، بە تایبەت کاتێك لەگەڵ جلی کوردییدا دەپۆشرێت، چونکە جوانی زیوو لە رەنگ و ستایلەکەیەتی کە وادەکات لەگەڵ ئەوەی بەسەر کراسەکەوە پۆشراوە، بەڵام شێوەی دیاری خۆی دیار بکات، بەمەش بەهۆی ئەوەی لەسەر سینگەوە دەخرێت یان دەکەوێتە سەر شانەکانەوە یاخود وەك قایش لە ناوقەد دەخسترێت یان وەك پشتێن، ئێکسسواری زیوو، دیمەنێکی سەرەنجڕاکێشی هەیەو لەگەڵ هەر جۆرە رەنگێکی کراسی کوردیدا جوانی خۆی دەردەخات.

# تەسریحەو کەزی خاو بۆ خانمان

دانانی هەر تەسریحەیەکی قژ، پێویستی بە ماندووبوونێکی زۆرە، بە تایبەتی ئەگەر بمانەوێت جۆرە تەسریحەیەکی جوانی بۆ ئەنجام بدەین، چونکە کاری جوان لە بواری جوانکاریدا پێویستی بەماندبووبوونە. یەکێك لە جوانترین تەسریحەکانی قژ، کەزی کردنی تاڵەکانی قژە، کە دیمەنێکی پوخت و جوان دەبەخشێت، لەوەش جوانتر کاتێك ئەو کەزێیانە لە پشتەوەی سەر وەك تۆپێك دەبەسترێت و ئەمەش وادەکات دیمەنێکی شایستەو قەشەنگ بەدەربخات، لێرەدا هەنگاوەکانی ئەو جۆرە تەسریەیە جێگەی جوانی و رازاوەیی قژ دەبێت بەم شێوەیە. دوای ئەوەی قژت خاو دەکەیتەوە، دواتر لە دواوە بەشێوەیەکی سادە دەیبەستی، کە وەك کلکی ئەسپێك بە خاوی و جوانیەوە دەکەوێتە سەر پشت، پاشان هەڵدەستین بە کەزی کردنی ئەو کلکە قژە، کە ئەگەر قژت بۆر بێ، دەتوانین بکرێ بە (٣) کەزی جیاواز، دواتر یەکێك لەو سێ کەزێیە لە شوێنی بەستنەکەدا کۆدەکرێتەوەو لە پشتەوە دەبەسترێ، پاشان ئەو دووکەزییەی ماون هەر یەکەیان بەپێچەوانەی یەکترەوە بە شوێنی بەستنەکەی دواوەی سەرەوە دەخولێنرێتەوە، بەمەش هەر سێ کەزییەك لە یەکتر دەئاڵێن و کردنەوەیان ئاسان دەبێت و تەنانەت دیمەنێکی زۆر ناسك بۆ خۆیان دەبەخشن و مۆدەیەکی جوان دەردەخەن.





# جوانی پەردەكانی سیسەم لە ژووری نووستن

دیكۆری ماڵ، بە گشت شوێن و كەلێنێكەوە، شایستەی ئامادەكاری و جوانییەكی تایبەتن، ئەمەش وادەكات كە هەر جۆرە لایەنێك دەبێتە تابلۆیەك بۆ جوانی، یەكێك لە گرنگترین بەشەكانی ماڵ، بریتییە لە ژووری نووستن، لە ژووری نووستنیش شوێنی خەوتنە، كە جێگەی حەوانـــەوە و خەوێكی خۆشـــە، كاتێك شـــوێنی خەوتن بە هێمنی و ئارامی دەبێ وادەكات كە بە ئاسانی سوود لە خەو وەربگری، ئەمەش كاتێك سیسەم و شوێنی خەو بە جوانیەكی ناسك دەرازێنرێتەوە، یەكێك لەو هەنگاوانەی كە شوێنی نووستن بە نازەوە دیار بێ، ئەویش دانانی پەردەیە لە ســـەرەوە و تەنیشتەكانی شوێنی نووستن، واتە دەكرێ لە سەرەوە و دەروازەی سیسەمەكە دابنرێ، ئەمەش بە شێوەیەكی نەرم و ناسكەوە دەبێ. ئەگەر چی هەنگاوێكی بچووكە، بەڵام لە دوو لایەن ســـوودی هەیە، یەكێك بۆ نەهێشـــتنی ڕووناكیە بۆ شوێنی خەوتن، سوودی دووەمیش ڕازاندنەوەی سیسەمەكەیە، كە وادەكات دیمەنێكی نـــەرم و هێمن ببەخشـــێ و دیكۆرێكی جوانیش بـــە ماڵەكە بدات.
دانانی پەردەكانی سەر شوێنی نووستن، چەندین جۆری هەیە لەوانە: پەردەی تەواو، كە سەرتاپای سیسەمەكە دەگرێ، یان نیو پەردەیە كە تەنیا لایەكانی سیســـەمەكە دادەپۆشـــێ، یاخود پەردەی سەرەوە كە تەنیا سەرەوەی سیســـەم دادەپۆشێ و ئەوەی دوایی شایستەترین دیمەنی هەیە.



# دەست ڕەنگینی خانمان بۆ وێنە و تابلۆكان










دیكۆری ماڵ، پێویستی بە چەندەها كەرەستەو كەلوپەلی سەرەكی و دەرەكی هەیە ئەوەش بۆ بەدیهێنانی شێوازێك لە شـــێوازەكانی جوانی دیكۆری ماڵ، بە تایبەت كاتێك گشت جۆرە كەرەستەكان بەپێی گرنگی و جوانی خۆیانەوە كاریان لەسەر دەكرێ، یەكێك لەو كەرەستە سادە و گرنگانە، وێنە و تابلۆكانی ناوماڵە، لێرەشدا خاڵێكی گرنگ هەیە، كە شوێنی هەڵواسینی وێنەكەیە یان دانانی تابلۆكانە، چونكە شـــوێن بۆ وێنەو تابلۆ وەك گرنگی مانـــای وێنەكەیە.
بۆ نموونـــە: وێنەو تابلۆ هەن، كە پێویســـتیان بەوەیە لە شوێنێك دابنرێن كە ڕووناكی لێوە نزیك بێ، كەچی هەیە لە شوێنێكی دوور لە ڕووناكی دایدەنێت، ئەمەش خاڵێكی لاوازەو كاردەكاتە سەر شێواندنی وێنەكە یان تابلۆكە، زیاتر وێنەكان لە ناوەڕاســـتی دیوارەكان دەدرێن، تابلۆكانیش لە كۆڕنەو تەنیشتەكانی دیوارەكان دادەنرێن، مەرج نییە وێنەو تابلۆ لە دەرەوەی مـــاڵ بهێنرێن، دەكرێ وەك دەست ڕەنگینییەك لەلایەن خانمانەوە، لەناو ماڵەكەی خۆیان دروستی بكەن، كە گوزارشت لە شـــتێك بكات، ببێتە وێنەیەكی خۆماڵی و دەرچووی دەست ڕەنگینی خانمان.

# جۆرەكانی ڕەنگ بۆ لێو لە وەرزی بەهاردا

لەگـــەڵ هاتنی وەرزی بەهار، گشـــت مۆدەو شـــێوازێكی جوانكاری گۆڕانكاری بەســـەردا دێت، دەبێ خانمانیش لەگـــەڵ مۆدە تازەكانەوە خۆیان بگونجێنن، یان لە مۆدەو كارەكانی جوانكاری كاری داهێنان بكەن، هەر مۆدەیەك لە وەرزی بەهاردا، شێوازێكی تایبەت بەخۆی هەیە، یەكێك لەو گۆڕانكاریانەی بەســـەریدا دێ، ڕەنگی لێوە. بەهۆی ئەوەی وەرزی بەهار ســـەوزە و بەمەش ڕەنگەكانی جوانكاری كە لە وەرزی زســـتاندا ڕەنگی تۆخ بوون، لەو وەرزە ســـوودیان نامێنێ، تەنانەت جوانیشـــیان لە دەســـت دەدەن، بۆیە هەڵبژاردنی ڕەنگی تازە بۆ لێو، جێگەی جوانیەكی نوێی دەبێ، چونكە جوانی لێو پابەندە بە دوو لایەنەوە، یەكێكیان: دانانی هێڵكاری لێو و شـــێوازی سووراو كردنەكەیە، دووەمیش: ڕەنگی لێوە. بۆ ئەو وەرزە جوان و دڵڕفێنە دەتوانین ســـوود لە جوانی لێو وەربگرین، كاتێك ڕەنگێكـــی بۆ هەڵدەبژێرین كە جیاواز دەبێ لەگەڵ ڕەنگی ماكیاژی دەم وچاودا، بەڵام مەرجە لەگـــەڵ ڕەنگی جلوبەرگ یەك بێ، یان دەكرێت پێچەوانـــە بێ، واتە ئەگەر ڕەنگی لێو و ماكیاژی دەم و چاو وەكو یەك بـــێ، دەبێ ڕەنگی جلەكە جیاوازی هەبێ لـــە ڕەنگی هەردووانیان، ئەو ڕەنگانـــەی بۆ وەرزی بەهار هەڵبژێدراون ئەمانەن: ســـوور – پەمەیی- قاوەیی- سووری تۆخ.





(جۆخین) یەکێکە لەو کارانەی کە تا ڕۆژی ئەمڕۆش لە ژیانی گوندنشینیدا هــەر جێی بایەخە، جۆخین قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ئامادەکردنی دانەوێڵە، دوای ئەوەی گەنم لە پاییزدا دەچێنرێت و دواتر لە وەرزی هاویندا دەدورێتەوە، جاران تەنیا بە داس ئەم دورینەوەیە دەکراو پێی دەوترا (قرشە)، دواتر دەهێنرایە جێگەکەی جۆخین و بە جەنجەڕ دەکوترایەوە، ئینجا جارێکی تر بە کوترانێکی بەهێزەوە دەکوترایەوە تاوەکو گەنم و کایەکە لە یەکتر جیا ببنەوە، پاشــان کۆ دەکرایەوە و دەبووە تارمە، واتە کۆ دەکرایە سەر یەکتر بۆ بە با کردنی.

ئەو کات شــەنەی داریــان بەکاردەهێناو، بە دوو کەســەوە تارمەکە بەبا دەکــرا، ئەوەش لەو کاتەی کە بای شــەماڵ هەبوایە، کاری ئەو بایە لەوێدا جیاکردنەوەی گەنمەکە بوو لە کایەکە، بەم شــێوەیە گەنم و کایەکە لە یەکتر جیــا دەکرانەوە، هەروەها کوزریش بە گیســك جیادەکرێتــەوەو بە یەکجاری گەنمەکە لە کا و کوزرەکە پاك دەبێتەوە، ئەم کردارەش پێی دەوترێت (راســتە ڕەوسە)، بەم شێوەیە گەنمێکی پاکمان دەست دەکەوێت.

بــۆ جیاکردنــەوەی دانەکە، هەمــوو کوزرەکە کۆدەکرێتــەوە تا بە وڵاغ و گوێدرێــژ پان بکرێتەوە، دواتر ئەویش بە بێژینگ و ســەرەند پاك دەکرێتەوەو دەخرێتەوە سەر گەنمە پاکەکە، لەو کاتەدا گەنمەکە ئامادە دەبێت بۆ باراش و دەبرێتــە ئاش، گەنمی جۆری قەندەهار دەکرێتە برووش و گەنمە کوتاو، بەڵام ڕەشــگوڵی کە جۆرێکی تری گەنمە، دەکرێتە ســاوار، ئەوەش پاش ئەوەی لەســەر ئاگرێك دەکوڵێندرێت، یان خۆ دەشکرێت بەشێك لەم گەنمە بۆ ساڵی داهاتووی تۆو وەشــاندن هەڵبگیرێتەوە، بەمجۆرە وەك گوندنشینان پێی دەڵێن (جۆخیــن هەڵدەســتێت)، واتە جۆخین کۆتایی پێدێت.

# ڕۆژێکی پڕ لەڕەسەنایەتی

لە٨ی مارسی ٢٠١٢ی ڕۆژی ئافرەتانی جیهانی و وەك ڕۆژێکی تایبەتیش بۆ جلی کوردی، زۆرینەی خەڵك بەگەنج و بچووك و گەورەو منداڵەوە جلی کوردییان پۆشی، تەنانەت لەکاتی دەوام و لەناو پۆلەکانی خوێندن و لەکۆلێژو شوێنە گشتیەکان کوڕو کچانی کوردستان ئەم جلکە نەتەوەیی و ڕەسەنەیان بە باڵای خۆیاندا پۆشی، بە شێوەیەك کە گشت بازاڕو شوێنە گشتییەکان و کۆلێژ و فەرمانگاکان، سیماوروخسارێکی جیاوازتریان لە ڕۆژەکانی تر نیشاندا، ئەو ڕۆژە تایبەتە تژی بوو بە ڕەسەنایەتی و ڕازایەوە بە ڕەنگی ئاڵ و واڵا، کچان و کوڕانی کورد جوانتر و گەشتر دەرکەوتن، وانە و خوێندن لە قوتابخانەکان بەجلی کوردیەوە بوو، وەك یادگاریەك هەمووومان بە تامەزرۆییەوە چاوەڕوانی ڕۆژێکی تری بەو چەشنە لە ساڵێکیتردا دەکەین، تا لەو ڕۆژەدا کە(٨)ی مارسەو یادێکی دێرین و پیرۆزە، هەمان یادی جلی کوردی بکرێتەوەو ببێتە بۆنەیەکی ساڵانەی گرنگ لە ژیانی کوردەواریماندا.

**ڕەوەند بەختیار**



# جلوبەرگی کوردی دزەییەکان



لە دێر زەماندا ئافرەتانی کورد تەنیا جلوبەرگی کوردییان دەپۆشی نەك جلی بیانیی، جلی کوردی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەبووەو تەنانەت حەیران بێژەکان زۆر بەسەر بەژن و باڵاو جلوبەرگی ئافرەتی کوردیاندا هەڵداوە، وەکو وەك لەم حەیرانە دەڵێت:

حەیران ئەورۆکە باجگرم لە لفکە شــۆر بەژن بڵندو دەســت بە بازن

سەر بەلاسەرەو تیلاك خوارێ دزەییان ناوەڵاچاون هەر نایێ لەبەر وردە پەرچمان

ئەگەر ســەیری ئەو وێنەیەی بکەین، دەبینین کە چەند پارچە جلوبەرگێکی ڕەنگاوڕەنگی لێکوەشــاوەی جوان دانراوە، لەوانەیە

## پێڵاوی سەیر و سەمەرە



کاتێك کەرەستەکان لە شێوازی سروشـــتی خۆیـــان لادەدەن و دیمەنێکی دیکە وەردەگرن، دەبنە هۆیەك بۆ دەرکەوتنی دیاردەیەکی جیاواز لەچاو حاڵەتی سرووشـــتی پێشوویاندا، شـــێوەی پێڵاو، چ بۆ پیاوان یان ئافرەتان شێوەکەی ناسراوە، بەڵام کاتێك پێڵاوی لـــەم جۆرە دروســـت دەکرێن و لەپێ دەکرێـــن و دیمەنێکی ســـەیریان دەبێت، وەك ئەو چەند پێـــڵاوە کە کەس نازانێت بۆچی و بە چ مەبەستێك دروست کراون، یان ئایا مۆدەی داهاتووی پێڵاو بەم چەشـــنە دەبێت یان ئەو کارە تا ســـەر سەرکەوتوو نابێت.





## کراسێک لە دەرزی !

هەندێك لە خەڵکی هەمیشە لە سەرکێشی کردن و جیاوازیی بووندا ژیاون، هەر لە ســـەرەتای بوونەوە مرۆڤ حەزی لە سەرکێشی کردن و کاری سەیرو داهێنانی جیاوازبووە، لە داهێنانێکی سەیر و مەترســـیداردا بەرگدروویەك لە دەرزی دوورمان بەدلەیەکی ئافرەتانە دروست دەکات، ئەمەش بە کارێکی مەترسیدارو سەیر هەژمار دەکرێت، ئەوەی شایەنی ئاماژەیە لەم کارەدا (١٠٠٠٠٠) دانە دەرزی بەکارهاتووە، ئەوەی جێگەی ســـەیرتریش بێت، کێ دەتوانێت ئەو جلە بپۆشـــێت، لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵە دەرزیە لە کراسەکەدا هەبێت؟!.


## Photo story

**فۆتۆی کاردانـــەوەی ڕاهێنەری ڕیاڵ مەدرید(خۆســـێ مۆرێنهـــۆی)ە لەو کاتەی تیپەکەی گـــۆڵ دەکات و دواتر گۆڵیش دەخوات، بۆیە وتەیەکی بەناوبانگ هەیە دەڵێت: لە سەرکەوتن مەغروور مەبن و لە شکستیش بێ ئومێد مەبن!**




ئەوەی بیبینـــێ بڵێت ئەو ئافرەتە ئەم هەمـوو جلەی چۆن لەبەر کردووە، لەو جلەدا کە جلی ئافرەتانی کورد بە گشتی و دزەییەکان بە تایبەتی وەدیارە، پێکهاتووە لە: ســـەرو قەزمە، بە خشـــڵ و زێـــر پلپلە و حوریەت ڕازاوەتەوە، کراســـەکەش دامەن و باغەرەو یەك ژێر(کەوێ)، کە ڕۆخی بە سیمی چێندراوەیەو ئەوەش پێی دەڵێن: کورتەك و کەوێ، سەرکەوێ دوو بست کورتترە لە کەوێ و چـــارۆگ، هەروەها کۆمەڵێك زێڕو زەبەنیش لەســـەر مل و سینگیدا دانراوە و لەگەڵ کڵاوێك کە بە زنجیانەوە ڕازاوەتەوە.

**ئا / وێنە : ژیان دزەیی**




## نوکتە

- ژن و پیاوێك شەڕیان ئەبێت قسە ناكەن بەیەكەوە پیاوەكە لەسەر وەرەقە بۆ ژنەكەی ئەنوسێت بەیانی سەعات ٧ لە خەو هەڵمبستێنە، بۆ بەیانی پیاوەكە سەعات ١٢ خەبەری ئەبێتەوە و تورە ئەبێت سەیر ئەكات ژنەكەی بۆی نووسیوە هەستە لە خەو سەعات حەوتە.

- كابرایەك خۆی بە شەقاوە دادەنێت، ڕۆژێك لە چایخانەدا چەقۆ دەردەهێنێت، دەڵێ: كێ پیاوە با قسە بكات. یەكێك دێتە وەڵام و دەڵێت: من..

كابراش لەترسانا وتی: ئەوا بووینە دووان، دە ئێستا كێ پیاوە قسە بكات.



## ئاسۆیی:

١- كچە گۆرانیبێژێكی كوردە خاوەن وێنەكە
٢- نیوەی دادە- توك(پ)- جۆرە ئۆتۆمبێلێكە(پ).
٣- یانەیەكی ئینگلیزیە.
٤- یوتو(ت) – دوو پیتی هار.
٥- مات- یانەیەكی فەرەنسییە(پ).
٦- جۆرە گوڵێكە- پرس.
٧- ناوێكی كوڕانە- جۆرە میوەیێكە(پ).
٨- دەم و چاو- پایتەختی وڵاتێكی ئاسیایە(پ)- هێز.
٩- كۆچ(پ)- شیاو- دارێكە(پ).
١٠- دوو پیتی دانا- كەنداوێكە لە ئەمەریكا- مێك(ت).
١١- ژمارەیەكە (پ)- چوو- پارێزگایەكی عێراقە.
١٢- ئیمپراتۆرێكی چینی بوو شورای چینی دروست كرد.

## ستوونی:

١- شاعیرێكی كوردبوو- باوكی مێژوو
٢- جۆرە ئۆتۆمبێلێكە(پ)- پایتەختی وڵاتێكی ئەفریقیە.
٣- ناوێكی كوڕانە(پ).
٤- شارێكە لە سوێد- پایتەختی وڵاتێكی ئەورووپیە.
٥- دەنگی باران – پایتەختی وڵاتێكی ئەورووپیە(پ).
٦- جۆرە مۆبایلێكە.
٧- دوو تیپ بۆی هەوڵ دەدەن- وەكو یەك.
٨- ئیمپراتۆرێكی یابانی بوو(پ)- دێم(ت).
٩- گەورەترین بەندەر لە ئەورووپا- وەكو یەك.
١٠- سێ پیتی دیدی- گیاندارێكی ئاویە.
١١- نۆ بە E – ئەنتیكەخانەیەكە لە فەرەنسا – دەرمانی چاو.
١٢- شانس (پ)- شتێك كڕیاری زۆربێت.



## دیوانە شیعر

بێخودی شاعیر دەڵێ :
گەر هود هودەكەی بادی سەبا بێ لە (سەبا) تان
گەر تەختی(سولەیمان)ییە ئەیخاتە هەواتان

دوێنێ نەفەسم بوو بە عەتتار خانەیی چینی
هێنای كە سەبا نامەیی موشكینی وەفاتان

لەم گوڵشەنە گەر خاڵی دڵ و ڕۆحم ئەپرسن
ئەی مورغی زمانم شەو ڕۆژ نەغمە سوراتان

دڵ ڕۆییوە بیستوومە ئەڵێن وا لە (مەدینە)
ڕۆح ماوە كە بیكەم بە فیداتان بە فیداتان

چاوم كەلەلام گۆزەیە ئەشكم بەمەسەل ئاو
خۆیشم كەلەلای ئێوەم ئەوا بووم بە سەقاتان

سەد شوكری خودا چاكەوە بوو خەستەكەی ئێمەیش
ئەی دافیعی تیفۆسی دەروون تۆزی دووعاتان


(بێخود) كە هەتیوی دەری ئەولادی ڕەسوولە
نازادارە، فەرامۆشی مەكەن تۆبێ خوداتان

س: ئەستێرەكانی شیعری كلاسیك

بۆ زانینی ئاستی مێشك لە ماوەی (٢) خولەكدا چەند خاڵێكی هاوبەش لەم دوو وێنەیە بدۆزەوە.



## ژیان و فرمێسک



ئێمە زیاتر هەوڵدەدەین خۆمان لە ئازار بپارێزین، وەک لەوەی بەدوای چێژدابگەڕێین.

**سیگمۆند فرۆید**